گۆڤارا ئەكادیمی یا زانكویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٠ ژ.١، ٢٠٢٠/٢٠٢١
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v10n1a1097

# ڕەنگدانەوەی ژیاننامەی بابەتیی لە ڕۆمانی (میرنامە)ی (جان دۆست)دا

پ.ي.د. جەلال ئەنوەر سەعید، زانكۆی كۆیە، فاكەڵتی پەروەردە، بەشی زمانی كوردی، هەرێما كوردستانا عيراق

**پوختە**

لە دوای پاشەکشەی ڕێبازی کلاسیزم و هاتنە ئارای ڕێبازی ڕۆمانسیزم، چیتر (پاکژیی ژانرەکان) دەستەڵاتی نەما و وردە وردە ژانرە ئەدەبییەکان باوەشیان بە یەکدا کرد و ئاوێتەی یەکتر بوون. باشترین و لەبارترین ژانریش بۆ کۆکردنەوە و لە ئامێزگرتنی ژانرەکانی دیکە، ڕۆمانە. چونکە فەزایەکی فراوانی هەیە و تەنانەت یەکەم هونەرە کە بواری ئەم تێکەڵکردنەی ژانرەکانی بۆ ڕەخسێت و نەك هیچ ڕەخنەیەکی لێنەگیرێت، بەڵکو بە داهێنانێکی بەرزیش چاوی لێ بکرێت. ئیتر بەم شێوەیە ڕۆمان زەمینەی بۆ دیالۆگی نێوان گوتارە جیاوازەکان ڕەخساند کە بە دیارترین سیمای ڕۆمان دادەنرێت، هەر ئەم دیالۆگەش بووە هۆی هاتنەئارای زاراوەی دەقئاوێزان کە داوای لابردنی سنوورەکانی نێوان هەموو ژانرە ئەدەبییەکان و تەنانەت تەواوی دەزگا مەعریفی و ڕۆشنبیری و هزرییەکانیش، دەکات، چونکە هیچ گومانی تێدا نییە کە تەواوی بەرهەمە ژیارییەکانی مرۆڤایەتی هیچ نین جگە لە چاککردن و پێشخستنی بەرهەمەکانی گەلانی بەرایی.

ژیاننامەش لە ئەدەبیاتی هەموو دنیا و ئەدەبی کوردیشدا، ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و یەکێکیشە لەو ژانرانەی کە ڕۆمان باوەشی بۆ کردۆتەوە و کەم تا زۆر بووە بە مایەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ژانری ڕۆمان. هەرچەندە لە ڕۆمانی کوردیدا، بە تایبەتی ژیاننامەی بابەتی کەمتر لە ڕۆماندا ئاوڕی لێ دراوەتەوە، بەڵام لەم (١٠) ساڵەی دواییدا هەوڵ و ئەزموونی باش پێشکەش کراوە. دەق(میرنامە) یەکێکە لەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە ژیانی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی لە چوارچێوەی ڕۆمانێکی هونەریدا خستووەتەڕوو. هەر بۆیە لەبەر تازەیی ئەزموونەکە، بڕیارماندا کە لە هەوڵێکی خاکەڕایانەدا ڕەنگدانەوەی سیماکانی ژیاننامەی بابەتی لە ڕۆمانی (میرنامە)دا دەستنیشانبکەین و شیبانبکەینەوە.

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، بە شێوەیەکی تیۆری و لە چەند تەوەرێکی کورتدا، پێناسەی ژیاننامە و جۆرەکانی ژیاننامە بە گشتیی و ژیاننامەی بابەتیی بە تایبەتی و، هەروەها پەیوەندی ژیاننامەی بابەتی بە ڕۆمانەوە خراوەتەڕوو. لە بەشی دووەمیشدا، لە ڕێگەی (پەیوەندی ژیاننامەی بابەتی بە مێژووەوە، پەیمانی ڕۆمان، پەیمانی مەرجەعیی، بەژانرکردنی ڕۆمان)دا، ڕێگەکانی ڕەنگدانەوەی ژیاننامەی (ئەحمەدی خانی)مان لە ڕۆمانەکەدا خستووەتەڕوو. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا چڕ کردووەتەوە و خستوومانەتەڕوو.

**وشە كلیلییەكان:** ژیاننامە، ژیاننامەی بابەتی، پەیمانی ڕۆمان، پەیمانی مەرجەعی، خانی

## 1. پێشەكی

ژیاننامە بە گشتیی و ژیاننامەی بابەتییش، تا ئێستا لە ەدبی کوردیدا وەکو ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. ئەگەرچی ئێمە وەك دەق، ژیاننامەیەکی بابەتیی وەهامان نییە کە ئاماژەی پێ بکەین، جگە لە ژیانی شاعیران لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی قوتابخانەکان نەبێت، ئەویش تەنیا زانیارییەکی کەمە بە ئامانجی ناسینی شاعیرەکەیە بە خوێندکاران و قوتابییان. لەبەر ڕۆمانی کوردیش زۆر بە کەمیی باسی لە ژیانی ناودارێك کراوە کە شوێن پەنجەی لە مێژوو و ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەجێهێشتبێت. ڕۆمانی میرنامە بە بڕوای ئێمە یەکەمین ڕۆمانە کە ئەم کارەی کردبێت و ژیانی کەسایەتییەکی گەورەی لە ژیانی ئەدەبی کوردا کردبێتە بابەتی گێڕانەوە و لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێك مژاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە مێژووی ئێمەدا لە قۆناغێکی دیارکراودا خستووەتەڕوو. ئەو کەسایەتییەش شێخ ئەحمەدی خانییە. لەو سۆنگەیەوە و لەبەر گرنگیی ناوەرۆکەکەشی، ڕۆمانی میرنامەمان کردە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، بە مەبەستی خستنەڕووی سیماکانی ژیاننامەی ئەحمەدی خانی کە ژیاننامەیەکی بابەتییە، لە ڕۆمانەکەدا.

ناونیشان و سروشتی توێژینەوەکە ئەوە دەخوازێت کە پشت بە ڕێبازی مێژوویی ببەستین بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بخوازین، چونکە ڕۆمانەکە تارادەیەکیش دەچێتە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە.

توێژینەوەکەش لە دوو بەش پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا، لە چەند تەوەرێکدا، پێناسەی ژیاننامە و جۆرەکانی ژیاننامە بەگشتیی و ژیاننامەی بابەتیی بە تایبەتی، هەروەها پەیوەندی ژیاننامەی بابەتی و ڕۆماندا خراوەتەڕوو. لە بەشی دووەمیشدا، ڕێگەکانی ڕەنگدانەوەی ژیاننامەی بابەتییان لە ڕۆمانەکەدا خستووەتەڕوو. ئەویش لە ڕێگەی (پەیوەندی ژیاننامەی بابەتی بە مێژووەوە، پەیمانی ڕۆمان، پەیمانی مەرجەعیی، بەژانرکردنی ڕۆمان)دا.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، خراوەتەڕوو.

### 2. بەشی یەكەم: پێناسەی ژیاننامە

بەر لەوەی بێینە سەر باس و پێناسەی ژیاننامەی بابەتی یان ژیاننامەی ئەویتر، پێویستە بە گشتی ئاوڕێك لە پێناسە و جۆرەکانی ژیاننامە بدەینەوە.

وەکو زاراوە، ژیاننامە لە زمانی کوردیدا لە دوو وشە پێکهاتووە؛ وشەی (ژیان) کە واتاکەی روون و ئاشکرایە و، وشەی (نامە) بە واتای چیرۆك یان سەربردە دێت. کەواتە وشەی ژیاننامە واتە سەربردەی ژیان یان چیرۆکی ژیانی کەسێك. لە زمانی ئینگلیزیدا پێیدەوترێت بایۆگرافی (Biography) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە دوو وشە پێکهاتووە؛ (Bios) بە واتای ژیان و (Graphein) بە واتای وەسف دێت (عبدالمجید، ٢٠٠٤، ١). ئەم وشەیەش لە زمانی ئینگلیزیدا یەکەم جار ساڵی ١٦٨٣ لە لایەن (درایدن – Dryden)ەوە بەکارهاتووە کاتێك باسی کتێبی (ژیانە هاوتەریبەکان - Parallel Lives)[1] ی (بلوتارك)ی کردووە (شرف، ١٩٩٢، ٣٠). لە زمانی عەرەبیشدا بەرامبەر بە وشەی (سیرة) دێت، کە بە واتای (ڕێچکە، ڕێباز، ڕێڕەو ، شێوە)(معلوف، ١٩٨٦، ٣٦٨) یان ئەو بارودۆخەی کە مرۆڤی تێدا دەژی (احمد، ٢٠١٢، ٢٠).

سەبارەت بە پێناسەی ژیاننامە، فیلیپ لۆجۆن دەڵێت :"چیرۆکێکی گەڕاندنەوەیی پەخشانئامێزە، کەسێکی واقیعی لەبارەی خۆیەوە (یان کەسێکی ترەوە – تویژەر) دەیگێڕێتەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی تیشك دەخاتە سەر ژیانی تاکێتی و مێژووی کەسێتیی خۆی" (لۆجۆن، ١٩٩٤، ٢٢ - ٢٣) یان کەسێکی تر.

هەروەها دەوترێت ژیاننامە "ژانرێکی ئەدەبیی پەیوەست بە کنە و پشکنینی مێژوویە و مەبەست لێی کاروانی ژیانی مرۆڤ و وێنەکێشانی وردی کەسیەتییەکەیەتی" (عبدالنور، 1984، 143).

بەلای زەکەریا ئیبراهیمیشەوە ژیانی مرۆڤ وەکو چالاکییەکی زمانیی، لە چیرۆکێك دەچێت کە بۆ ئەوانی تری دەگێڕێتەوە، وەکو ئەوەی کە سروشتی ژیان خۆی، مۆرکی ڕۆمانێکی گێڕدراوە یان شیاوی گێڕانەوەی وەرگرتبێت. بە پێی ئەمەش، ژیاننامە هونەرێکی ئەدەبییە پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت بە هەموو تەکنیك و شێوازەکانییەوە، کە لە بەرامبەر وەرگردا دەردەکەون تاوەکو پەیوەندی زمانیی وەدیبهێنێت (عبدالمجید، ٢٠٠٤، ١).

ساڵح غامیدیش پێیوایە کە ژیاننامە:"تۆمارێکی گێڕانەوەیی ڕاستگۆیانەیە و تایبەتە بە تەمەنێك (لە ئەزموون) یان (لانی کەم چەند ساڵێکی گرنگی تەمەن) پڕ لە ئەزموون و کردار و کارلێك و کاریگەریی هەنووکەیی و دوورکەودا لەسەر کەسەکە" (سویسي، 2011، 33)، (ئەمەل تەمیمی)یش بۆ ئەوە دەچێت کە ژیاننامە:"تۆمارێکی کەسییە بە نووسین تۆمارکراوە، تیایدا کەسێکی واقیعیی بە شێوەیەکی ئاشکرا و تا ڕادەیەکیش لە تەمەنێکی پێگەیشتوودا هەڵوێستێك یان هەڵوێستگەلێك لە ئەزموون و کردار و کارلێك و هەستەکانی خۆی کە پەیوەستە بەو کات و شوێنەی تێیدا دەژی، لە ڕابردوودا بگەڕێنێتەوە بۆ ئێستا (التميمي، ٢٠٠٥، ٢٧). بە بڕوای ئێمە ئەم دوو پێناسەیەی (غامیدی و تەمیمی) زیاتر بۆ یادەوەریی دەشێن تاوەکو ژیاننامە، چونکە ژیاننامە بە هەردوو جۆرەکەیەوە (خودی و ئەوی تر – کە دواتر باسیان دەکەین) تەواوی قۆناغەکانی ژیانی کەسەکە لەخۆدەگرێت، واتە هەر لە لەدایکبوونەوە هەتا مردن یان هەتا ساتی نووسینی ژیاننامەکە، هەرچی یادەوەرییە مەرج نییە تەواوی تەمەن باسبکات بەڵکو بە پێی تێڕوانین و قەناعەتی نووسەرە کە تیشك بخاتە سەر چ قۆناغێك یان چ وێستگەیەکی ژیان کە بەلایەوە گرنگە، وەك چۆن خۆیان لە پێناسەکاندا دەستەواژەی(لانی کەم چەند ساڵێکی گرنگی تەمەن) و (هەڵوێستێك یان هەڵوێستگەلێك) دەردەبڕن. بەڵام ئەوەی لە پێناسەکەی (تەمیمی)دا زۆر گرنگە، دەستەواژەی (تەمەنێکی پێگەیشتوو)ە کە لە هیچ پێناسەیەکی دیکەدا وەك مەرجێکی سەرەکیی ژیاننامە و تەنانەت یادەوەرییش ئاماژەی بۆ نەکراوە، چونکە ئەو کەسەی ژیاننامە یان یادەوەریی دەنووسێتەوە پێویستە تەمەنێکی باشی هەبێت، بە واتای ئەوەی تەمەنێکی پێگەیشتوو و پڕ لە ئەزموونی هەبێت، هەر چەندە ناشکرێت ئەم ئەزموونە بە کاتەوە ببەستینەوە چونکە زۆر کەس هەن کە لە تەمەنی گەنجییدا کاری گەورەیان ئەنجامداوە و ئەزموونی پێگەیشتوویان پێشکەشکردووە، بەڵام ناشکرێت گەنجێك لە تەمەنی بیست یان سی ساڵیدا کە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ژیانی نییە ئەو کارە بکات، چونکە هێشتا دنیابینیی و ئەزموونەکانی ژیانی ناکامڵن و لە گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامدان.

هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەشدا، ژیاننامە بە چیرۆکێکی مرۆیی دادەنێت، بریتییە لە مێژوویەك کە کارامەترین هونەرەکانی نووسینی مێژوویی دەنوێنێت، درێژکراوەی ژیانێکی مەزنە لە کات و شوێنێکی دیارکراودا (...) هەروەها هەڵوێستگەلێکی مێژوویی دەنوێنێت کە پاڵنەر و ئامانجی خۆیان هەن (سوالمیة، 2015، 11).

ئەگەر سەرنج لەم پێناسانەی سەرەوە بدەین، دەبینین کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نییە بەو ڕادەیەی کە ببێتە کێشە لەبەردەم بە ژانرکردنی ژیاننامە، بەڵکو بە گشتی کۆکن لەسەر ئەو سیما و تایبەتمەندییانەی کە ژیاننامە وەکو ژانرێکی سەربەخۆ جیادەکەنەوە و دەستنیشانیدەکەن.

**1.2 جۆرەکانی ژیاننامە**

ئەوەی کە تا ئێستا باوە، ژیاننامە دوو جۆرە:

- **ژیاننامەی خودیی:** کە تێیدا نووسەر باسی ژیانی خۆی دەکات.
- **ژیاننامەی بابەتیی:** تێیدا نووسەر باسی ژیانی کەسێکی دیکە دەکات.

(ئەمەیان بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە و دواتر بە درێژی باسی دەکەین) بەڵام هەندێك لە توێژەران، بە جۆرێکی دیکە ژیاننامە بۆ ژیاننامەی گشتیی و ژیاننامەی تایبەتیی دابەشدەکەن(قەرەنی، ٢٠١٢، ١٧). لە یەکەمیاندا کە لە ئەدەبی عەرەبییدا پێیدەڵێن (فن التراجم)، نووسەر باسی ژیانی چەندین کەسی ناودار دەکات. بەم پێیە لە ئەدەبی کوردی و زۆربەی ئەدەبیاتی دنیاشدا کتێبەکانی مێژووی ئەدەبییات دەچنە ناو ئەم جۆرەوە، چونکە نووسەری مێژووی ئەدەبیش باسی ژیانی کۆمەڵێك نووسەر دەکات. دووەمیشیان دابەشدەکەن بۆ ژیاننامەی خودی و بابەتی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کردووە. بەڵام ئەگەر سەرنجبدەین کە ژیاننامەی گشتییش هەر دەچێتەوە ناو چوارچێوەی ژیاننامەی بابەتییەوە، چونکە تێیدا نووسەر باسی ژیانی کەسێکی دیکە دەکات. لەبەرئەوە ئێمەش هەر ئەو دابەشکردنەی یەکەم (خودی و بابەتی) پەسەنددەکەین.

### 2.2 ژیاننامەی بابەتیی

جۆری دووەمی ژیاننامەیە، کە تێیدا نووسەر باسی ژیانی کەسێکی دیکە دەکات، کە لە یەکێك یان زیاتر لە بوارەکانی ژیاندا (سیاسیی، ئایینی، زانستیی، ئەدەبیی... هتد) سەرکەوتوو و داهێنەر بێت. واتە:"گەڕانە بە دوای حەقیقەتدا لە ژیانی کەسێکی ناودار و خستنەڕووی بەهرە و نهێنییەکانی بلیمەتییەکەی لەو بارودۆخەی کە تێیدا ژیاوە، هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەری خۆیدا ڕووبەڕووی بۆتەوە و، ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر نەوەی خۆیدا جێیهێشتووە" (شرف، ١٩٩٢، ٣-٤).

نووسینی ژیاننامەی بابەتییش چەند مەرجێکی گرنگی هەیە پێویستە نووسەر لەبەر چاویان بگرێت، لەوانە: :"نووسەر بە جێناوی کەسی سێیەم قسە بکات، ئاماژەی خێرا بکات و تێبکات و ڕاستییەکان کۆبکاتەوە و بە بێ لایەنانە قسەیان لەبارەوە بکات، هەروەها زانیارییەکان بە ڕێکیی لێکبدات و بە شێوازی خۆی و هەتا بکرێت دوور لە خودێتیی، دایانبڕێژێتەوە، جگە لە مانەش لە ژیاننامەی بابەتییدا یەکسانیی لەنێوان گێڕەرەوە و کارەکتەری سەرەکییدا نییە" (شرف، ١٩٩٢، ٦). سەرباری هەموو ئەمانەش، ژیاننامەی بابەتیی پێویستی بە تۆمار و بەڵگەنامەی بابەتیی و بینین و تێبینیی و خوێندنەوە و چەندین ئامرازی دیکەی ناڕاستەوخۆ کە دەکەوێتە دەرەوەی خودی کەسی باسکراوەوە، چونکە لەم جۆرە ژیاننامەیەدا نووسەر لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوەیە و گۆشەنیگایەکی دەرەکیی هەیە کە یارمەتی دەدات تاوەکو لەسەر کەسێك بنووسێت کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵی خۆی هەیە تاکو نهێنییەکانی سەرکەوتنی یان شکستەکانی ئاشکرابکات (بن ستيتي، 2018، 4).

کەواتە، ژیاننامەی بابەتیی لەگەڵ ئەوەی لە هەندێ لایەندا لەگەڵ ژیاننامە خودییدا هاوبەشە، وەکو ئەوەی هەردووکیان پرۆسەیەکی گێڕانەوەی گەڕاندنەوەیین (استرجاع) و هەردووکیشیان باس لە کەسێتییەکی واقیعیی دەکەن و هەروەها :"لە ڕووی بنیات و پەرەسەندنی کارەکتەر و هێزی ململانێ و حەقیقەتی مێژوویشدا هاوبەشن" (سوالمية، 2015، 60). بەڵام لە زۆر لایەنی دیکەشدا جیاوازن؛ وەکو ئاماژەمان پێکرد جیاوازییان لە بەکارهێنانی جێناوەکانی قسەکردن و یەکسانبوون و نەبوونی گێڕەرەوە لەگەڵ کارەکتەری سەرەکییدا و، چەندین خاڵی دیکەی وەکو، بابەتی ڕاستگۆیی و کاریگەریی لەسەر دەروونی خوێنەر کە زیاتر لە ژیاننامەی خودییدا بەدیدەکرێن، چونکە نووسەر ڕاستەوخۆ لە یادەوەریی خۆیدا و بە بێ یارمەتیدانی کەناڵێکی دیکە ڕووداوەکان دەهێنێتەوە بە پێچەوانەی ژیاننامەی بابەتی کە هەموو شتەکان ڕێژەیین و لەوانەیە نەتوانێت هەموو شتێك بە وردیی باسبکات لەبەر بەردەستنەبوونی بەڵگە و زانیار پێویست (سويسي، 2011، 35). جیاوازییەکی دیکە کە زۆر گرنگە ئەویش، پاڵنەری نووسینی هەردوو جۆرەکەیە، لە ژیاننامە خودییدا زۆر جار نووسەر بە هۆی کۆمەڵێك پاڵنەری دەروونیی و کۆمەڵایەتیی وەکو "شانازییکردن و گەواهیدان لەسەر ڕووداوەکانی سەردەم و بیرهێنانەوە و پاکژبوونەوە و بەرگریکردن لە خود" (القاضي و آخرون، ٢٠١٠، ٢٦٣) بابەتەکەی دەنووسێت، هەرچی ژیاننامەی بابەتییە ئەوا نووسەر لەبەر دەرخستنی لایەنەکانی ژیریی کەسی باسکراو و پێشاندانی سەرسامبوونی خۆی بە بەهرە و هێز و سەرکەوتنەکانی کەسی باسکراوەوە بابەتەکەی بنووسێت. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە، پێویستە لە ڕوانگەیەکی هونەرییەوە سەیری هەردوو جۆری ژیاننامە بکەین و جیاکردنەوەیان زیاتر لەسەر سەرکەوتنی هەر یەکێکیان لە پرۆسەی گێڕانەوە و کردەی نووسینەکە بێت. لە کۆتاییشدا، وێڕای ئەو جیاوازییە ڕوون و بەرچاوانەی لەنێوان هەردوو جۆرەکەدا هەن، نووسەری ژیاننامەی خودیی، لەگەڵ ئەوەی کە ئازادیی تەواوی هەیە لە دەربڕین و هەڵوێستەکانیدا، پێویستە:"کاتێك هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە خەڵك و ڕووداوەکاندا دەخاتەڕوو،

پێویستە بابەتییانە لە خۆی بڕوانێت و لە خۆی بایی نەبێت و زیاد لە پێویست پەیوەست نەبێت بە خۆدی خۆیەوە و خۆی بەرز و خەڵکیش بە کەم پێشانبدات" (احمد، ٢٠١٢، ١٩ - ٢٠).

**3.2 پەیوەندی نێوان ژیاننامەی بابەتی و ڕۆمان**

ژیاننامەی بابەتی هەر بە تەنیا لەگەڵ ڕۆماندا تێکەڵ نابێت و بە یەکدا ناچن، بەڵکو لەگەڵ تەواوی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی وەکو (شیعر، چیرۆک، شانۆگەری)شدا ئاوێزان و تێکەڵی یەکتر دەبن، بەڵام ئەم تێکەڵاوییە لەگەڵ ڕۆماندا بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە زۆر زیاتر و بەرچاوترە، چونکە ڕۆمان فەزایەکی فراوانی هەیە و دەتوانێت باوەش بە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا بکات بە بێ ئەوەی بنیاتە هونەرییەکەی زیانی پێ بگات، بەم شێوەیە ڕۆمان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دێرین و دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا و گونجانێك لەنێوان :"بە دۆکیومێنتکردن و شیعرییەت و مەرجەعییەتی مێژوویی و ئەندێشەی گێڕانەوەیی پێکدەهێنێت" (بن ستيتي، 2018، ١)، ژیاننامەی بابەتی کاتێك دێتە ناو بواری ئەدەبەوە کە نووسەرەکە بییەوێت چ بە لایەنی باشە یان بە لایەنی خراپە، گۆشەنیگای تایبەتی خۆی لە ئاست ئەو کەسێتییە بخاتەڕوو کە دەیەوێت لەبارەیەوە بنووسێت، لێرەشدا پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە هەرگیز بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی کەسەکەوە بە بێ بەڵگە نەخاتەڕوو، ئەگینا کارەکەی لە سنووری ژیاننامە دەردەچێت و دەبێت بە ڕۆمانێکی مێژوویی و بۆی هەیە هەندێ‌لە ڕاستییەکانی ناوی شێوێندرابێت. لێرەوە خاڵی پەیوەندی نێوان ژیاننامەی بابەتی و ڕۆمان، بە تایبەتیش ڕۆمانی مێژوویی، دروستدەبێت، بە شێوەیەك کە دەتوانین بنەماکانی ڕۆمانی مێژوویی بەسەر ژیاننامەی بابەتییدا جێبەجێبکەین. چونکە "ژیاننامە وەکو ژانرێکی ئەدەبی بە گشتی و لە ئاستێکی بەرزدا، پشت بە ناوەرۆکێکی مێژوویی دەبەستێت و لە چوارچێوەی بنیاتی ڕۆمانی مێژوویی شێوەی خۆی وەردەگرێت" (سويسي، 2011، 13)، بەم شێوەیە بە وردیی باسی مێژووی ئەو کەسێتییە دەکات کە لەبارەیەوە دەنووسێت چ بە باشە یان بە خراپە. لێرەشدا پێویستە "ئەو نزیکبوونەوە تازەیەی لەنێوان ژیاننامە و شێوازی گێڕانەوە دروستبووە، لەبەرچاو بگرێت و بیپارێزێت، چونکە ژیاننامەی نوێ خۆشیی و بەچێژکردنی چیرۆك و داهێنان لە گرێچن و لێهاتوویی لە گێڕانەوە لە خۆ دەگرێت"(ادهم، 1979، 38).

بەم شێوەیە دەبینین هەموو ژانرەکان لە چوارچێوەی فەزای ڕۆماندا باوەش بە یەکدا دەکەن و ڕۆمانیش وەکو دەقێکی ئەدەبی دەبێت بە (کەرنەڤاڵی ژانرەکان)، چونکە "فەزای خۆی بە فەزای ژانرەکانی دیکە موتوربە دەکات و زمانی جیاواز و کەرەستە و تەکنیکی جیاوازیان لێ وەردەگرێت و بە هەمان شێوە ژانرەکانی دیکەش رەهەندی ئەندێشەیی و دیدگایان بۆ شوێن و بنیاتەکانی پێشکەشکردنی ڕووداوەکان لە ڕۆمانەوە وەردەگرن" (سويسي، 2011، ١٨). لەبەر ئەوەی ژیاننامەش لە هەموو ژانرەکانی دیکە لە ڕۆمانەوە نزیکە، زیاتر شێوەی ڕۆمان وەردەگرێت و بەرگی ڕۆمان دەپۆشێت.

**4.2 ڕەگەزەکانی ژیاننامەی بابەتی لە ڕۆمانی میرنامەدا**

ڕۆمانی میرنامە بە زمانێکی سادە و ڕەوان، لە ڕێگەی خستنەڕووی ژیانی شاعیرێکی گەورەی وەکو شێخ ئەحمەدی خانی و دنیابینییەکەیەوە، باس لە ململانێی نێوان دەسەڵات و دەستەبژێری ڕۆشنبیر دەکات، ئەو دەستەبژێرەی کە ئامادە نییە هەرگیز  و لە ژێر هیچ فشارێکی ماددیی و مەعنەویی نەك هەر سازش لە سەر بیر و باوەڕ و دنیابینیی ڕاستی خۆی ناکات، بەڵکو ئامادەیە لەو پێناوەدا گیانیشی لەدەستبدات. میرنامە پێمان دەڵێت کە مێژوو لە لای کورد بە بەردەوامیی و بە خراپترین شێوە دووبارە دەبێتەوە، هۆی ئەمەش لە پلەی یەکەمدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە درێژایی مێژوو فەرمانڕەوایانی کورد هەمیشە کورتبین بوونە و بە دوای ئامانج و بەرژەوەندیی کەسییەوە بوونە. فەرمانڕەوایانی کورد بە درێژایی مێژوو فیکر و زانستیان بەلاوە گرنگ نەبووە و گوێیان بۆ ڕۆشنبیران و زانایانی کورد نەگرتووە، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوونە کە یان ئەو دەنگە جیاوازانە بکڕن و لەبەر چاوی کۆمەڵگە بێ ئەرزشیان بکەن، یانیش بە تەواوی بێدەنگیان بکەن. میرنامە گوزارشت لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی کورد دەکات، چ لە ڕابردوو، چ لە ئێستا، ئەگەر بەم شێوە تراجیدییە بەردەوام بێت ئەوا بێگومان گوزارشت لە ئایندەشمان دەکات.

ژیاننامەی بابەتییش لە ڕۆمانی میرنامەدا لە ڕێگەی ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

**1.4.2 پەیوەندی ژیاننامەی بابەتی بە مێژووەوە**

لەبەرئەوەی ژیاننامە لە هەناوی مێژووەوە سەریهەڵداوە و هەستی مێژووییش بناغەیەکی پتەوی دروستبوونیەتی، ئەوا ژیانی هەر تاکێك لە ئێمە لایەنێکی گرنگ لە مێژوو پێکدەهێنێت. ڕۆمانی میرنامە، لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانی ژیاننامەی بابەتییە

و ژیانی شێخ ئەحمەدی خانی دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ژیاننامەی خودیشی تێدایە، چونکە ژیانی ئەحمەدی خانی لە ڕێگای یادەوەریی و ژیاننامەی خودیی چەندین کارەکتەری دیکەوە دەخرێتەڕوو. هەریەکەیان باسی قۆناغە گرنگەکانی ژیانی خۆیان و پەیوەندییان لەگەڵ خانییدا لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی خانییدا دەخەنەڕوو، کۆی هەموو ئەو قۆناغانە ژیانی خانی لە لەدایکبوونەوە هەتا مردنی و ناشتنیشی پێکدەهێنێت. کەواتە لێرەدا خانی و ژیانی خانی چەقە و ئەوانی تر و ژیانیان هەمووی لە خزمەتی خانیی و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە. زۆر ڕووداوی مێژوویش هەیە کە لە زمانی کارەکتەرەکانی دیکەوە دەخرێنەڕوو، هەمووی لە پێناو پێکهێنانی حیکایەتە سەرەکییەکەیە کە گێڕانەوەی ژیان و دنیابینی خانییە. بە واتایەکی دیکە، لێرەدا زۆرجار خانی ڕۆڵی وەرگر دەبینێت و ئەوانی تر گێڕەرەوەن و گێڕانەوەکانیان دەبن بە هەوێنی گەڵاڵەبوونی دنیابینی خانیی.

ڕووداوە مێژووییەکان لە ڕۆمانی میرنامەدا، دوو شێوە یان دوو جۆرن؛ جۆرێکیان ڕووداوی تایبەتیین، ئەو ڕووداوانەن کە زۆر زەقن و لە سەرچاوە مێژووییەکانیش وەکو حەقیقەتێکی مێژوویی تۆمارکراون و بوونە بە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ. جۆری دووەمیان؛ ڕووداوی گشتیین باسی بارودۆخی گشتی ناوچەیەکی دیاریکراو باسدەکات، کە هەر زادەی ڕووداوە تایبەتییەکانن. سەرەتا بە ڕووداوە تایبەتییەکان دەستپێدەکەین:

-xداگیرکردنی بەدلیس لە لایەن پاشای والی وانەوە لە دوای هەڵهاتنی میر ئەبدال و سوپاکەی.

ئەم ڕووداوە لە لایەن ئۆمەری خەزنەدارەوە دەگێردرێتەوە کە خەزنەداری میر ئەبدال بووە لە جڤاتی میریش بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خزمی نزیکیان نەبووە لە بەدلیس ماوەتەوە. پاشای والی وان دوای ئەوەی بەدلیس وێران و تاڵان دەکات، بە کتێبخانەکەی میر ئەبدالیشەوە، بەڵام هێشتا دڵی ئاو ناخواتەوە و بەدوای ئۆمەردا دەنێرێت و داوای گەنجینە و خەزنەی میر ئەبدالی لێ دەکات، ئۆمەر دەڵێت میر هەموو بردووە، هەڵبەت پاشای وان ئەم قسانە نابیستێت، بۆیە هەردوو چاوی بە دوو شیشی داخکراو کوێردەکەن. ئەویش ئیتر بە ناچاری بەدلیس جێدەهێڵێت و ڕوو لە بایەزید دەکات. ئەو ڕۆژەی دەگاتە بایەزید، مەلا ئەلیاسی باوکی خانی وەفاتی کردووە و لە پرسەکەیدا بۆ یەکەم جار خانی دەبینێت کە منداڵێکی پێنج ساڵانە. هەرچەندە نووسەر لەسەر زاری ئۆمەرەوە خانی بە مێردمنداڵ وەسفدەکات، بەڵام ئەم زاراوەیە لێرەدا ورد نییە، چونکە خانی تەمەنی پێنج ساڵ بووە کە باوکی مردووە. هۆی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە لە لایەن ئۆمەرەوە بۆ سووربوونی خانی دەگەڕێتەوە، چونکە خانی درکی بەوە کردووە کە ئۆمەری خەزنەدار کوێرێکی زگماك نییە و هۆی کوێرییەکەی لە مامۆستاکەی دەپرسێت، چونکە دوای مردنی باوکی، مەلا قاسمی برای، بە ئۆمەری خەزنەداری دەسپێرێت تاکو فێری قورئانی بکات. ئەویش لە ڕێگای ئەم ڕووداوانەوە تیشك دەخاتە سەر بەدبەختیی و چارەڕەشیی کوردی لەتلەتکراو. ئەم ڕووداوانە لە لاپەڕە (٤١ – ٤٦)ی ڕۆمانەکەدا خروانەتەڕوو.

- داگیرکردن و تاڵانکردنی قەڵای دمدم لە لایەن شا عەباسی سەفەوییەوە.

ئەمەش دووەم ڕووداوی مێژوویی و تایبەتییە، لاپەڕەکانی (١١٦ – ١٢٠)ی ڕۆمانەکەی داگیرکردووە و لە لایەن دۆستۆی ورمێیی بەیتبێژەوە دەگێردرێتەوە. ئەمەش هەر لە وەڵامی پرسیارێکی خانیدا، کاتێك لێیدەپرسێت :"ئەرێ مام دۆستۆ، باوك و دایکت ئەم ناوەیان لێ ناوی؟" (دۆست، ٢٠١٤، ١١٥). چونکە (دۆستۆ) ناوێکی فارسییە و خانییش لە گۆشەنیگایەکی نەتەوەییەوە ئەم پرسیارەی لێ دەکات. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی داگیرکردنی قەڵای دمدم کە چەندین جار حیکایەتەکەی لە داپیرییەوە بیستووە کە چۆن ژن و پیاوی کورد قارەمانانە شەڕێکی نابەرابەریان لەگەڵ لەشکری شا عەباسدا کردووە و مامێکی خۆی کە ناوی دۆستۆ بووە لەو شەڕەدا گیانی بەختکردووە، لەبەر ئەوە هەتا شا عەباس لە ژیاندا بووە داپیری نەیهێشتووە باوکی دۆستۆ ژن بهێنێ و منداڵی ببێت، دوای ئەوە کە دۆستۆ لە دایکدەبێت داپیری ناوی دۆستۆی لێ دەنێت کە کوڕی گەورەی بووە. دۆستۆی بەیتبێژ چەندین جار ئەم حیکایەتەی بۆ خانیی گێڕاوەتەوە. بە چەند مانگێك بەر لە مردنیشی دووبارە خانی داوای لێدەکات ڕووداوەکانی بۆ بگێڕێتەوە تاکو وەکو چیرۆکی مەم و زین بینووسێتەوە. دوای گێڕانەوەی حیکایەتەکە بۆ دواهەمین جار، خانی ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێت و ڕوو لە دۆستۆ دەکات:"بڕوانە چارەنووسی کوردان، لەوێ عەجەم چیهان بەسەر دێنن و لێرەش ڕۆم چیهان پێ دەکەن!! کاتێکیش قۆشەنیان بۆ شەڕ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ئێمە دەبینە قوربانی و دەکەوینە ژێر سمی ئەسپەکانیانەوە. توخودا هەقم نییە داوای سوڵتانێك یا شایەك لە خۆمان بکەم لە دەستی ئەم

سپڵانه رزگارمان بکات؟ ئاپۆ دۆستۆ لیم ناگەن نا.. دەڵێن ئێمه و دەستەڵاتیان نەگوتووە و دەوڵەت شایان بە کورد نییە ئاپۆ گیان! کەرن کەر. دوور لە رووی تۆ کەری ناو کەرانن.". (دۆست، ٢٠١٤، ١٢٠ – ١٢١)

- "پێش دوو سێ ساڵێك بوو. زستانێکی سارد، میر محەمەدی فەرمانڕەوای بایەزید و سلێمانی باش کاتبی کوژران." (دۆست، ٢٠١٤، ١٦٥). ئەم ڕووداوەش سێیەمین ڕووداوی مێژوویی ڕاستەقینەیە، لە لایەن شێخ سەیفەدینی جبەشینەوە دەگێڕدرێتەوە. ئەم ڕووداوە خاڵی وەرچەرخانە لە لایەن خانی و میرانی بایەزیدەوە و سەرەتای ناکۆکی خانییە لەگەڵ میر عەبدولفەتاحی بایەزیدی، چونکە بە پێی شەرع و یاسا دەبوایە میرزا بەگی کوڕی میر محەمەد ببێتە فەرمانڕەوای بایەزید، بەڵام میر عەبدولفەتاح بە پارە فەرمانێك بۆ فەرمانڕەوایەتیی خۆی لە لایەن پاشای وانەوە دەردەکات و دەبێت بە میری بایەزید. لەبەر ئەوە خانی چیتر هاتوچۆی دیوانی میر ناکات و بەردەوامیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەستەڵاتی میر عەبدولفەتاح دەستەڵاتێکی ناشەرعییە، لە وتارەکانی هەینیشیدا بە هیچ شێوەیەك نە ناوی ئەو و نە ناوی خەلیفەی موسڵمانان ناهێنێت و دوعاشیان بۆ ناکات، بە پێچەوانەوە ئەگەر ناویان بێنێت ئەوا بە لادەر و ئەڵقە لە گوێی ڕۆمییان ناوی میر دەبات. میر لە ڕێگەی دەستوپێوەندەکانییەوە زۆر هەوڵدەدات خانی بێدەنگ بێت و وەکو جاران هاتوچۆی دیوانی میر بکات، بەڵام خانی بە هیچ شێوەیەك لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان نابێتەوە. ئەم هەڵوێستەی خانی وا لە میر دەکات کە فەرمانبکات بۆ بێ دەنگکردن و لەناوبردنی خانی. میرزا سەبری کە راوێژکاری میر عەبدولفەتاحە، کابرای دەمامدار بۆ ئەم کارە رادەسپێرێت. دەمامکداریش بەم شێوەیە باسی پلانەکە دەکات :"میرزا سەبری هاتە ئەلەزگرد و داوای کوشتنی خانی لێ کردم. من پێشتر ئەوم دەناسی، بەر لە دوو سێ ڕێکەوە پلانی کوشتنی میر محەمەد و سلێمانی باش کاتبیان دارشت. " (دۆست، ٢٠١٤، ٢٦٤). لێرەوە دەردەکەوێت کە لە بنەڕەتدا میر محەمەد و سلێمانی باش کاتبی بە فەرمانی میر عەبدولفەتاح کوژراون.

- کوشتنی میر ئێزدین لە لایەن میر شەرەفی برایەوە کە هەردووکیان کوڕی خان ئەبدالی بۆتیین، دواهەمین ووداوی مێژوویی تایبەت و ڕاستەقینەیە کە لە میرنامەدا هاتووە. ئەم ڕووداوە لە لایەن مەلا ساڵحی جزیرییەوە باسدەکرێت کە هاوڕێی فەقێییەتیی خانییە لە جزیرە. شەوێکیان هەردووکیان گوێ لە مەقامبێژێکی دەنگخۆشدەگرن بە ناوی فەقێ خەلیلی سێرتیی کە هەلبەستێکی مەلای جزیری دەبێژێت و ستایشی میر شەرەف دەکات. لێرەدا خانی پرسیاری ئەوە دەکات کە ئەم میر شەرەفەی لەمەڕ جزیری هەر میر شەرەفەکەی میری جزیرە نییە؟ لەم پرسیارەوە ئەوە دەردەکەوێت کە خانی بەسەرهاتی کوشتنی میر ئێزدینی بیستووە لە لایەن میر شەرەفەوە، بۆیە بە سەر سوڕمانەوە ئەو پرسیارە دەکات. چونکە بەلای خانییەوە جزیری وەکو ڕۆشنبیرێك خیانەتی لە ئەرکی خۆی کردووە :"شاعیرێکی مەزن و زانای وەك خوالێخۆشبوو جزیری چۆن ڕێگە بە خۆی دەدات ستایشی کەسێك بکات برای خۆی کوشتووە! (...) ئەمە نە کاری ئەهلی عیرفان و نەیش کاری سۆفی و خوداناسانە هەروەها دابی شاعیری ئەویندارێش نییە" (دۆست،٢٠١٤، ١٨٧). هەرچەندە مەلا ساڵح دەیەوێ قەناعەتی پێبکات کە میر شەرەف لەبەر ئاسایشی ئەمارەتەکەی و بۆ ڕێگە گرتن لە خوێنڕێژیی زیاتر، ئەو کارەی کردووە، بەڵام خانی بەو بیانووانە رازی نابێت و زیاتر جەخت لەسەر ئەرکی ڕۆشنبیر دەکاتەوە کە بێ لایەنیی و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و ئاگادارکردنەوەی دەستەڵاتە :"برا من رەخنەم لە میر نییە، ئەز مەلای جزیری سووچدار دەبینم، کە مەتح و ستایشی دەکات و داوای مردن بۆ نەیارانی دەکات! زانا و شاعیر نابنە لایەنگری ستەمکار. ئەو ئەگەر نزیکیان بووەوە دەبێت ئامۆژگارییان بکات، نەك ببێتە کۆیلەی بەر دەرگایان و لە کۆشکەکانیاندا خوڵامییان بۆ بکات، یا ببێتە مەیتەری ئەسپەکانیان." (دۆست، ٢٠١٤، ١٨٧ – ١٨٨). دیارە کە خانی لەم قسە و هەڵوێستانەیدا ڕاستگۆ و جیددییە لەگەڵ خۆیدا. ئەم قسانەی لە سەردەمی فەقێیاتییە دەیکات، کاتێکیش دەگەڕێتەوە بایەزید و دەبێتە نووسەری دیوانی میر میرزا بەگ، بەڵام کە مەلا ساڵح بیری دەهێنێتەوە کە کاتی خۆی رەخنەی لە مەلای جزیری گرتووە و ئێستاش خۆی نووسەری دیوانی میرە، لە وەڵامدا پێیدەڵێت :"مەلا ساڵح، ئەز ڤیسکاری

میر محەمەدی باوکیشی بووم. بەڵام کارکردنم لە دیوان مانای پشتگیری کردن نییە لێیان، هەڵبەت ئەگەر زوڵم بکەن لێیان بێدەنگ نابم. من راوێژکاریانم، نەك کۆیلەی بەر دەرگەیان. تا ئێستا هۆزانێکم بۆ ستایش و پیاهەڵدانی هیچ یەکێك لەوان نەنووسیوە. لە پێناو کورددا چیم لەدەست بێت دەیکەم. خوا نەخواستە ئەگەر یەکێك برای خۆی کوشت، وەك چۆن میر شەرەف کردی، من بێدەنگ نامێنم. ئەرکی زانایانە ئەگەر سەریشیان تێدا بچێت راستی بڵێن و بەڕووی میراندا بووەستنەوە." (دۆست، ٢٠١٤، ١٩١ – ١٩٢). هەر وایشیکرد و تا مردن ڕەخنەی لە میر عەبدولفەتاح گرت و لە کۆتایی تەمەنیشیدا وەکو ئەرکێکی شەرعیی و ئەخلاقیی خۆی نامەیەکی بۆ میر نووسی و پێیوابوو ئەوە نووسینەوەی مەرگی خۆیەتی. چونکە زۆر بە توندی قسە لەگەڵ میر دەکات و لەو هەموو زوڵم و زۆرەی لە خەڵکی دەکرد ئاگاداریدەکاتەوە. هەروەها داوای ئەوەی لێ دەکات کە مادام لە ژیانما گوێت لێ نەگرتووم لە دوای مردنم گوێم لێ بگرە و لە رۆم دووربکەوە و مەبە ئەڵقە لە گوێیان و چیتر خزمەتی کوردان بکە. بەڵام ئایا میر بە گوێی خانی دەکات؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، ئاخر میرێك بە قەولی خانی :"بازی شیهابی خۆت بە شیهابی سەهرەوەردی و بازی بازان عەبدولقادری گەیلانی نادەیت" (دۆست، ٢٠١٤، ٢٨٤)، چۆن گوێ بۆ خانییەك رادەدێرێت کە هەموو خەمی ئەوەیە کورد خاوەنی دەسەڵاتێکی دادپەروەرانەی خۆی بێت و بایەزید ببێت بە ناوەندێکی زانستیی و رۆشنبیری؟ لەبەر ئەوە، ئەو نامەیەی خانی کە رۆژێك بەر لە مردنی بە بەنگینی دەرکەوانی میردا بۆ میری دەنێرێت. میر نەك هەر نایخوێنێتەوە، بەڵکو کاتێك بۆ رۆژی دواتر کە هەواڵی مردنی خانی پێدەگات، ئەو بەرنامەی خۆی تێك نادات و دەچێت بۆ راو و هەر بە بەنگینیشدا نامەکە دەنێرێتەوە بۆ مەلا سمایل :"بەنگینۆ، ئەمە نامەکەی رەحمەتییە، کە جارێکیان بۆت ئانیبووم. بوارم نەبوو بیخوێنمەوە. ئێستاش ئەوەتا چووە بەر دەرکەی پەروەردگار. ئیدی چ پێویست بە خوێندنەوە دەکات. بیبە و بیدە دەستی مەلا سمایل." (دۆست، ٢٠١٤، ٢٣٠ – ٢٣١). وەك دەبینین خەونی میر تەواو جیاوازە لە خەونی خانیی، لەبەر ئەوە بە بڕوای ئێمە ئەگەر خانی نەشمردایە میر نامەکەی هەر نەدەخوێندەوە، چونکە میر نامەی لە خانییەوە نەدەویست، بەڵکو دەیویست بێدەنگ بێت و دان بە فەرمانڕەوایەتیی و دەسەڵاتی میردا بنێت، داوای لێبوردنی لێبکات و وەکو جاران هاتوچۆی دیوانی میری بکردایەوە. بەڵام خانی ئەمەی نەکرد.

هەموو ئەم رووداو و کارەساتانە کە کورد بەشێکی زۆری خۆی بەسەری خۆیدا هێناوە و وانەی لێ وەرنەگرتووە، هۆکاری خەمڵین و گەڵاڵەبوونی دنیابینی و بیری نەتەوەیی خانی شاعیرن.

لە رووداوە گشتییەکانیشدا تیشك دەخەینە سەر چەند نموونەیەکی کە لەسەر زاری هەندێك لە کارەکتەرەکانەوە خراونەتەڕوو.

- رەجەبی بەرگدروو، لەبەر بێ دەرامەتی بڕیاردەدات بەرەو ئەستانە، بایەزید جێبهێڵێت، بە خەونێکی زۆرەوە دەڕوات. بەڵام دوای چەند ساڵێك بە حاڵێکی زۆر خراپتر لەوەی کە هەبوو دەگەڕێتەوە. چونکە ئەستانە ئەو شارە نەبوو کە ئەو چاوەڕێیدەکرد. هەرچەند لە لای بەرگدروویەك دەبێ بە شاگرد، بەڵام کچە بۆسنەییەك فریوی دەدات و هەرچی پارەی دوکانەکە هەیە دەیدزێت و وندەبێت. ئەمیش لە ترسی خاوەن دوکان هەڵدێت. دەچێتە ریزی سوپای سوڵتانەوە کە خۆی بەم شێوەیە باسیدەکات :"لەو ساڵەدا سوڵتان مستەفا تازە تەختی خەلافەتی وەرگرتبوو. ویستی بەخۆی وەکو باوباپیرانی شەڕی کافران بکات. مەلا و وتارێژانی مزگەوت هانی خەلکیان دەدا بۆ غەزا بڕۆن." (دۆست، ٢٠١٤، ١٣٤). بەم شێوەیە لە سوپادا دەبێت بە سوارە و بەسەرکردایەتی خودی سوڵتان بەرەو مەجەر و لەهستان دەڕۆن و بە قەولی (رەجەبی بەرگدروو خۆی) بە پشتیوانی خودا لە چەندین شەڕدا سەردەکەون، بەڵام دواتر ئەوەی بەسەر سوڵتان و سوپاکەیدا دێت بەسەر سەگیشدا نەهاتووە. ئەمیش بە پەرجوو رزگاریدەبێت و بەم شێوەیە باسی شکست و هۆکارەکەی شەڕەکە دەکات :" هەینێ بینیم سوڵتان و فەرماندە گەورەکان ملی رێی هەڵاتنیان بەرەو تەمەشوار لە دەست کافران گرتووەتەبەر، زانیم ئەو غەزایەی لە پێناویدا هاتبووم بۆ ئەم گۆڕەپان و چۆڵەوانییە بۆ پەروەردگار نییە و ساختەیە. ئێمە سەد هەزار دەبووین و گاوران نیو ئەوەندەی ئێمە نەدەبوون." (دۆست، ٢٠١٤، ١٣٨) هەر بۆیە کە رزگاریدەبێت، قسەکانی خانی دێتەوە بیری کە ئەو کوڕی بایەزیدە و هەر دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ بایەزید، بەڵام بە دەستی خاڵی و خراپتر لە جاران.

- خالیدی چۆلاقیش کە لە بنەڕەتدا گەنجێکی ساغ و زۆر بەهێز بووە، باسی سوڵتان موراد دەکات کە بە بایەزیددا تێدەپەڕێت بۆ غەزا دژ بە عەجەم، ئەمیش کە بە منداڵیی لای مەلا ئەلیاسی باوکی خانی خوێندوویەتی، هەر لە ژێر کاریگەریی وتار و فەتواکانی مەلا ئەلیاس و لە تەماحی دەستکەوت و کەنیزەکدا دەچێتە ریزی سوپاوە و دەچێت بۆ غەزا. لە شەڕی ئێرەواندا بە ڕێکەوت دەکەوێتە بەرانبەر دوو جەنگاوەری کوردی مەریوانی کە هەردووکیشیان بران لە سوپای عەجەمدا، وێڕای ئەوەی کە هەردووکیان دەکوژێت بەڵام خۆیشی قۆڵێکی لەدەستدەدات. ئیتر دوای ماوەیەك دەگەڕێتەوە بایەزید و جگە لە نازناوی چۆلاق و موچەیەکی کەم هیچی بۆ نامێنێتەوە. کە دوای ساڵانێکی زۆر کە باسی ئەو شەڕە بۆ خانی دەکات و هەستی پەشیمانی خۆی بۆ دەردەبڕێت بە تایبەتی لەبەر ئەوەی بەرانبەر کورد و بە دەستی کورد وای لێهاتووە، خانی پێیدەڵێت :"توخوا ئاپێ خالید لێم توورە مەبە، تۆ بوویتە براکوژ. دڵت لە خۆت نەمێنێ، نە خەتای تۆ و نەیش خەتای ئەو دوو پاڵەوانە مەریوانییەیە. سووچی میرە گەمژە و گەلۆرەکانمانە." (دۆست، ٢٠١٤، ١٥٦ – ١٥٧). بەڵام خانی ئاماژە بە سووچی باوکی خۆی ناکات کە وێڕای ئەوەی زانایەکی گەورە بووە، بووە بە زورنای سوڵتان و بە فەتواکانی چەندین رۆڵەی کوردی بۆ ناو ئاگری شەڕی براکوژیی ناردووە.

باروخی رۆشنبیریی بایەزید کە بە قسەی سەلاحەددینی سەحاف پێشتر زۆر باش بووە و فەقێ لە هەموو لایەکەوە بۆ خوێندن ڕوویان تێدەکرد، بەڵام ئێستا وا نەماوە، خەڵکی بەلای کتێب و خوێندنەوەدا ناچن. خانی دووجار بێزاریی و خەمباریی خۆی لە ئاست ئەم دۆخە ناڵەبارەی بایەزید دەربڕیوە، جارێکیان لەلای سەلاحەددینی سەحاف کە پێیدەڵێت :"سەلاحەددین، ولاتێك ناڵی کەری لە کتێب زۆر تێدا بفرۆشرێت، ئەوە شارێکە تووك و نەفرەتی خودا لێیداوە، دەبێت پێی خەلکەکەی ناڵ بکرێت، نەك سمی گوێ درێژەکانی." (دۆست، ٢٠١٤، ٢٠٨). جارێکی دیکەش هەمان دەرد و بێتاقەتیی خۆی بۆ مەلا سمایلی بایەزیدی دەردەبڕێت و دەڵێت :"مەلا سمایل، بڕوانە! بایەزید چەند ئاخوڕ و خان و ناڵخانە و دوکانی کەوشدرووی تێدان، چما لە ئاین دەرچوونە گەر قەیسەرییەکی سەحافانی تێدا بکرێتەوە؟ ئەم میرانەی ئێمە کەرن کوێرن. زۆردار و نەزانیشن." (دۆست، ٢٠١٤، ٢٤١). هەڵبەت ئەگەر میر کەر بێت زیاتر ئیشی بە(ناڵ) دەبێت تاوەکو (نال) و سەحافیی.

### 2.4.2 پەیماننامەی ڕۆمان (الميثاق الروائي)

پەیماننامە، ڕێککەوتنێکە لەنێوان نووسەر و خوێنەردا، هاوکاری خوێنەر دەکات لە دەستنیشانکردن و ناسینی ئەو ژانرە ئەدەبییەی کە دەیخوێنێتەوە. واتە "پەیوەندی نێوان (گێڕەرەوە و بۆگێڕەوە) و(نووسەر و دەق و خوێنەر) رووندەکاتەوە" (علوش، ٢٠١٩، ٤٥٩).

لە ڕۆماندا، پەیماننامە بە دوو ڕێگە بەدیدێت؛ یەکەمیان پێکنەچوونی نووسەر و گێڕەرەوە و کارەکتەری سەرەکیی، ئەمەش بەوە دەبێت کە نووسەر و کارکتەر هەردووکیان یەك ناویان نەبێت. دووەمیان ئەوەیە کە نووسەر پەیوەندی دەقەکەی بۆ ئەندێشەوە بسەلمێنێت، ئەمەش بە زۆری هەر لە ناونیشانی سەر بەرگی کتێبەکەدا دەردەکەوێت کاتێك نووسەر بە راشکاویی ژانرە کارە ئەدەبییەکەی دەستنیشاندەکات و دەنووسێت "ڕۆمان". (القاضي و آخرون، ٢٠١٠، ٤٤٤). ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئیتاڵی ئیمبەرتۆ ئیکۆش جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوە و دەڵێت :"پێویستە خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە چیرۆکێکی خەیاڵییە، بەڵام مانای ئەوەش نییە کە تەنیا درۆیەکە.. واتە پێویستە وا خۆمان دەربخەین کە پێمانوایە ئەوەی بۆمان دەگێڕدرێتەوە هەر بە ڕاستی ڕوویداوە. (رحيم، ٢٠١٧، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=582854&r=0 ).

جان دۆست لە چاپی کرمانجییەکەی ڕۆمانی میرنامەدا، لەسەر بەرگەکەی نا- بەڵام لە ناوەوە ژانری دەقەکەی دەستنیشانکردووە و نووسیویەتی "ڕۆمان". لە وەرگێڕانەکەی سەباح ئیسماعیلیش جگە لەوەی لەسەر بەرگەکە نووسراوە "ڕۆمان"، لە پێشەکییەکدا کە بۆ ئەم وەرگێڕانەی نووسیوە، جان دۆست، دیسان بە ڕاشکاوی دەنووسێت "ڕۆمان" و باسی ئەوە دەکات بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە بیست ساڵی تەواو لەگەڵ ڕۆح و هزری خانیدا ژیاوە و بڕیاریداوە کە دووبارە لە گۆڕدا هەڵیبستێنێتەوە و ئەوەی لە کاتی خۆیدا بە گوێی نەتەوە و میرەکانیدا داوە، دووبارە و دوای زیاتر لە سێ سەدە بە گوێی ئێمە و (میرەکان)مانی بداتەوە، چونکە بە بڕوای جان دۆست ڕۆژگار و بارودۆخی سیاسیی ئێستا هەمان بارودۆخی سیاسیی سەردەمی خانییە، بەو هیوایەی ئەم

نەوەیە چ لە خەڵك و چ لە دەستەڵات گوێی بۆ بگرن (دۆست، ٢٠١٤، ٧–٨)، بەڵام بە داخەوە، واقیعی تاڵی ئێستامان ئەوەمان پێ دەڵێت کە چاکتر وایە خانی هەر لە گۆڕەکەیدا بمێنێتەوە باشترە، بۆ ئەوەی زامەکانی دووبارە نەکولێنەوە.

کەواتە نووسەر بە راشکاوی پێماندەڵێت ئەمە رۆمانە و ژیاننامە نییە. چونکە هەر چەندە نووسەر باسە لە ژیان و دنیابینی خانی دەکات، بەڵام و دەنگ و خەیاڵی خۆیشی وەکو رۆماننووس ئامادەیە و زیاتر دەیەوێت لە ڕێگەی (دانەپاڵ–اسقاط)ەوە گوزارشت لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بکات کە وێنەیەکی دووبارەکراوی واقیعی سەردەمی خانییە.

هەر چەندە میرنامە باس لە ژیانی خانی دەکات، بەڵام نووسەر زیاتر بە جێناوی (من)ی قسەکەر حیکایەتەکەی دەگێڕێتەوە و هەندێ جاریش بە جێناوی (ئەو). بەڵام ئەم (من)ە خانی نییە، بەڵکو چەندین کارەکتەری دیکەن کە نووسەر لە خەیاڵی خۆی دروستیکردوون و لە ڕێگەی گێڕانەوەی ژیانی خۆیان یان بەشێك لە ژیانی خۆیان و چۆنیەتی ئاشنابوونیان بە خانی، هەر یەکەیان قۆناغێکی ژیانی خانی دەگێڕنەوە و بە هەموویانەوە حیکایەتەکە تەواودەکەن و ژیانی خانی هەر لە لەدایکبوونەوە هەتا مردنی و ناشتنیشی دەگێڕنەوە. لە هەمان کاتیشدا هیچ یەکێك لەم (من)انە پاڵەوان نین - ئەگەرچی باسی ژیانی خۆشیان دەکەن – "رۆمانەکە ناکەن بە ژیاننامەی خودیی وەکو هەندێك کەس تێیدەگەن." (العید، ٢٠١٠، ١٤٤). بۆ نموونە: تەیووری فاسق بەم شێوەیە باسی ئەو مەرەکەبە دەکات کە لە کاتی ناشتنی تەرمی خانیدا دەبارێت و دەڵێت :"هەینێ شیڕاندم و گوتم: مەرەکەب دەبارێت! بەدمەست نەبووم، جڵەوی خەیاڵم بەدەستەوە بوو و بۆنی مەرەکەبم پتر لە بۆنی ئارەقەی ژێر باڵی خۆشەویستە ئەرمەنییەکەم دەناسییەوە." (دۆست، ٢٠١٤، ٢٩). هەروەها ئۆمەری خەزنەداریش بەم شێوەیە دەدوێت :"لەو ساڵەی تێیدا کوێربووم، مەلا ئەلیاسی بابی ئەحمەدی خانی تازە ئەمری خوای بەجێ گەیاندبوو (...) من تازە لە بدلیسی وێرانەوە هاتبووم و ئامادەی پرسەکەی بووم. دەنگی مێردمنداڵێکم کەوتە بەرگوێیان. لەوی تەنیشتمەوە پرسیاری ئەوم کرد، گوتی: ئەمە ئەحمەدی کوڕی مەلا ئەلیاسە." (دۆست، ٢٠١٤، ٤٠). مەلا ساڵحی جزیریش لە باسی یەکتر ناسینی خۆی خانیدا دەڵێت :"من هەر لە ساڵانی فەقێیەتییەوە لە جزیرا بۆتان خانی خوالێخۆشبووم دەناسی. ئەو لە وڵاتی هەکارییەوە بۆ جزیرە هاتبوو، لە مزگەوتی سوور پێکەوە دەمانخوێند." (دۆست، ٢٠١٤، ١٨١) بەم شێوەیە نووسەر لە رێی (من)ی ئەم سێ کارەکتەرەوە سێ وێستگەی ژیانی خانی دەگێڕێتەوە.

### 3.4.2 پەیمانی مەرجەعیی (ژێدەریی)

فیلیپ لۆجۆن یەکەم کەسە زاراوەی پەیمانی مەرجەعیی بەکارهێناوە و پەیوەستی کردووە بە ژیاننامەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت :"ژیاننامە و ژیاننامەی خودیی دوو دەقی مەرجەعین: هەردووکیان رێك وەکو گوتاری مێژوویی و زانستیی، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە باس لە رووداوێك دەکەن دەکەوێتە دەرەوەی دەقەوە، هەروەها دەکەوێتە ژێر رکێفی ئەزموونی وەدیهاتنەوە. ئامانجیشی تەنیا هەر ئەگەرێکی سادە نییە، بەڵکو لێکچوونە لەگەڵ راستییەکە." (لوجون، ١٩٩٤، ٥٢). واتە، پەیمانی مەرجەعیی نووسینە مەرجەعیی و ئەندێشەییەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، تایبەتیشە بەو دەقانەی کە نووسەرەکانیان بە ئاشکرا یان بە شاراوەیی رەچاوی وردیی زانستیی و حەقیقەتی مێژوویی دەکەن. بەم شێوەیە پەیمانی مەرجەعیی "لەسەر کۆمەڵێك ئاماژەی دەرەکیی بنیاتدەنرێت کە راستگۆیی ژیاننامەی بابەتیی پابەندبوونی بە مەرجەعی واقیعییەوە، دووپاتدەکاتەوە." (بن ستیتي، 2018، 10).

لە رۆمانی میرنامەدا، نووسەر سوودی لە (دیوانی ئەحمەدی خانی) و (مەم و زین)ی خانییدا وەرگرتووە و وەکو دوو مەرجەعی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا کردوون. لە خوارەوەدا چەند نموونەیەکی رۆمانەکە وەردەگرین و لە خشتەیەکدا لەگەڵ نموونەی مەرجەعە مێژووییەکە بەراوردیان دەکەین.

| رۆمانی میرنامەی جان دۆست | مەرجەعی مێژوویی | |
|---|---|---|
| | جواهر المعاني في شرح ديوان احمد الخاني | شاکارا ئەحمەدێ خانی مەم و زین |
| خەڵکی بایەزید لە هاتوچوونی لەشکری عەجەم و رۆمان بەسەر خاکەکەیاندا وەڕس بووبوون. بێزاربوون لە باج و خەراج و دەیەك و کەمکردنەوە، تووك و نەفرەتیان لە خوێنڕشتن و شەڕی نێوان تورك و عەجەمان دەکرد. مەلا ئەحمەد ژێی مەینەتییەکەی دۆزیبووەوە سترانی ستەم و بەدبەختیی بۆ دەچڕین، ئەمەش وای کردبوو زۆرێك بە دەورییەوە بن. (ل٧٩) | یارەب تو بپارێزە د ڤێ عەصری قزلباش طوغیان و خورووجێ نەکەن ئەو بێنە وەلاتان کێ دێ ل سەر ڤی حەددی ژ پێش وان بوەستت کەس نینە کو تێر نانی بدەت پێنج غوزاتان (ص259) | |
| ئەوێك زانست و ئەدەبی لا ناپەسەندە بە ئەسڵ و نەسەبی خۆی وی رەوەندە (ل ١٠١)* | | میرێ کو ب ناڤێ میرزایە مەحضا نەظهرا وی کیمیایە لەورا کو ئەوی نەکر پەسەندە ب ئەصل و نەسەبا خوە ئەو رەوەندە (ل ٦١) |

| | | |
|---|---|---|
| داوای له میرەکان دەکرد نرخی هونەرەکەی بزانن و بەو کتێبەی منەتی بەسەر خەڵکدا دەکرد. (ل١٠٢) | | گەر دێ هەبوویا مە ژی خودانەك<br>عالی کەرەمەك لەطیفه دانەك<br>علم و هونەر و کەمال ئذعان<br>شعر و غەزەل و کتاب و دیوان<br>ئەڤ جنس ببا ل وی مەعوول<br>ئەڤ نەقد ببا ل نك وی مەقبوول (ل٥٨) |
| خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی خانی چامەیەکی بۆ شینی میر محەمەد نووسی، تێیدا له پەروەردگاری خواستبوو کوڕەکەی بپارێزێت. ڕاسته تێیدا ناوی میر عەبدولفەتاحی به شاسه هێنابوو، کەچی مەیلی خۆی بۆ میرزا بەگ نەشاردبووەوه و ناوی نابوو گەوهەری بێ باوك. واتا گەوهەری تاقانه و بێ هاوتا. (ل١٦٦) | یا رەب هەبت ئۆچاخ قەدیم<br>عەمێ د وی خوەش بن عەمیم<br>(بالخاصه) ئەو دوڕا یەتیم<br>کان پادشاهێ سەرحەدان<br>دوڕ دانەئێ گەوهەر صەدەف<br>ئەو ما ژ وی نەسلی خەلەف<br>یا ڕەب نەکی وان زوو تەلەف<br>کان پادشاهێ سەرحەدان<br>(ص282) | |
| بەیانی یەکشەمووان، هەینێ زەنگی کڵێساکان لێیان دەدا، به ڕوویەکی گەشەوە دەیگوت: گوێ رادێره سالح، خوا به چەندین شێوه بانگی بەندەی خۆی دەکات. (ل١٨٢) | ئەز چوومە دەرێ دیرێ<br>من دیتی کو (روح الله)<br>تەکاری موسەووەر بوو<br>حەتتا د نهالێن دا<br>(ص49) | |
| نها هەموو هەڵپەی پارەیانە. هەمووان ئاشقی شەوق و شەماڵی دراون. وەك چۆن خوالێخۆشبوو له مەم و زینەکەیدا دەبێژێ، تەماح وای کردووه پریاسکه پاره لای هەمووان له دڵا شیرین بێت. برا له برای خۆی نەدەپرسی، ئیدی چۆن بایەخ به کتێب بدات؟ (ل٢٠٣) | طالبێ علم و کەمالێ نەبتن قابلێ فەیض<br>حکمەت و تەربیەتا عالمێ دانا چ بکەت<br>قەلبێ خانی صەدەفا گەوهەرێ عرفانه وەلێ<br>مەتنخوانەك کو نەبت صاحبێ مەعنا چ بکەت<br>(ص١٢٣) | چ بکەم مو قەوی کەسادە بازاڕ<br>نینن ژ قوماشێ ڕا خەریدار<br>خاسما د ڤی عەصری دا کو هەمیان<br>مەعشووق و حەبیب بوونه هەمیان<br>یەعنی ژ طەمەع دراڤ و دینار<br>هەر یەك ژ مە ڕا وە بوونه دلدار<br>گەر علمی تەمام بدی ب پۆلەك<br>بفرۆشی تو حکمەتێ ب سۆلەك<br>کەس ناکەته مەیتەرێ خوه جامی<br>ڕاناگرتن کەسەك نظامی (ل٥٩) |
| هەموو بەڵا و نەهامەتییەکانی کوردان له میرەکانیانەوەن، ئەوانەی دەرگەی بیر و هۆشیان دەگرن. ئەو میرانەی بوونەته مار و ژەهر دەکەنه گیانی خەڵکەوه. ئەو میرانەی دەردیان خۆشەویستی ژیان و کۆکردنەوەی پاره و زێڕه و هیچ ئاوڕ له زانست نادەنەوه. ئەو میرانەی کۆیلەی شاوەتەکانیانن. ئەو میرانەی به داری زوڵم و زۆرداری پشتی خەڵکیان شکاند. ئەو میرانەی له هەمبەر تورکاندا دەستەوەستانن. دەکرێت میری وەك ئەمانه له قوڕیش دروست | میرێ ئەمەران وێ دبڕیتن ژ فەقیری<br>سەر وان مە کەس بووینه و موحتاجێ زەکاتان<br>(ص259) | گەر دێ هەبوا مە پادشاهەك<br>لائق بدیا خودێ کولاهەك<br>تەعیین ببوا ژ بۆ وی تەختەك<br>ظاهر ڤەدبوو ژ بۆ مە بەختەك<br>حاصل ببوا ژ بۆ وی تاجەك<br>ئەلبەتته دبوو ژ بۆ مە ڕەواجەك<br>غەمخواری دکر ل مە یەتیمان<br>تینانه دەرێ ژ دەست لەئیمان<br>غالب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ ڕۆم<br>نەدبوونه خەرابەیێ د دەست بۆم<br>(محکوم علیه)ێ و صەعالیك<br>مەغلووب وموطیعێ تورك وتاجیك<br>ئەمما ژ ئەزەل خودێ وسا کر |

| | |
|---|---|
| بکرێن. (ل٢٤٦) | ئەڤ ڕۆم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر<br>تەبعییەتێ وان ئەگەر چ عارە<br>ئەو عار ل خەلقێ نامدارە<br>نامووسه ل حاکم و ئەمیران<br>تاوان چیه شاعر و فەقیران<br>(ل٥٢ – ٥٣) |
| دەردی کوردان و ملخوارییان ژەهریکه بۆ خۆی. دەردی میرەکانیان ژەهری سلیمانییه، مەلا سمایل، ئەوە بۆ چل ساڵە دەرژێته گیانی منەوه. (ل٢٤٧) | ئەڤ غیرەت و ئەڤ علوووێ هممەت<br>بوو مانعێ حەملێ بارێ مننەت<br>لەو پێکڤە هەمیشه بێ تفاقن<br>دائم ب تەمەررود و شقاقن<br>گەر دێ هەبوا مە ئتتفاقەك<br>ڤێکرا بکرا مە ئنقیادەك<br>ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی<br>هەمیان ژ مە ڕا دکر غولامی<br>(ل٥٥) |
| میرزا سەبری ئاگاداری کردمەوه، دەبێت ئەم کاره به نهێنی بکرێت (...) ئەو کوشتن به خەنجەری ڕەتدەکردەوه و گوتی:<br>-شێوازی کوشتنەکەی له کتێبەکەیدا هاتووه. مەگەر ئەو نییه دەڵێت:<br>خەسمێ کو نەشێ بی موقابیل<br>دەرمان چییه؟ شەربەتی هەلایل!!<br>(ل٢٦٥) | خەصمێ کو نەشێی بی موقابل<br>دەرمان چیه؟ شەربەتا هەلاهل!<br>(ل٢٧٤) |

ئەگەر سەرنج لەم خشتەیەی سەرەوە بدەین، دەبینین که جان دۆست پشتی به هەندێك دەق بەستووه، هەندێکیان ڕاستەوخۆ و دەقاودەق وەریگرتوون و هەندێکیشیان خوێنەر تەنیا له ناوەڕۆکەکەیەوە دەتوانێت سەرچاوەکەی له مەرجەعە مێژووییەکەدا بناسێتەوه. هەروەها هەندێکیشیان له سەر زاری کارەکتەرەکانەوه ئاماژه به مەرجەعی مێژووییەکه دەکەن. روون و ئاشکراشه که زیاتر پشتی به (مەم و زین) وەرگرتووه.

### 4.4.2 بەژانرکردنی ڕۆمان

له ڕۆمانی میرنامه، نووسەر توانیویەتی تارادەیەکی زۆر باش ڕەگەزه خەیاڵییەکان ئاوێتەی ڕەگەزەکانی گێڕانەوه بکات. هەرچەنده له پێشەکیی وەرگێڕانەکەی سەباح ئیسماعیلدا ئاماژه بۆ ئەوه دەکات که بیست ساڵی تەمەنی بۆ خوێندنەوه و شارەزابوون له خانی بەسەربردووه (دۆست، ٢٠١٤، ٧)، بەڵام ئاماژەی به هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییش نەکردووه که بۆ ژیانی خانی سوودی لێ بینیبێت. تا ڕادەیەك باسی تەواوی قۆناغەکانی ژیانی خانیی کردووه، هەر له لەدایکبوونەوه هەتا مردنی، بەڵام زیاتر تیشکی خستووەته سەر ژیانی دوای مامۆستاییەکەی

کە فێرگەیەکی لە حیسابی خۆی لە بایەزید دامەزراندووە و وانەی ئاینیی بە فەقێکانی وتووەتەوە.

لە میرنامەدا، نووسەر پشتی بە ڕەگەزی واقیعی و خەیاڵییش بەستووە. ڕەگەزە واقیعییەکان کە پەیوەندییان بە مێژووەوە هەیە لە پەیمانی ڕۆماندا بەجەستە دەبن و دەردەکەون، هەرچی ڕەگەزە خەیاڵییەکانە، ئەوا لە دیاریکردن و ناساندنی ژانری دەقەکەدا دەردەکەون کە بریتییە لە ڕۆمانی (میرنامە). جیاکرنەوەی سنوورەکانی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەش گرنگترین شتە کە خوێنەر لە کاتی بەژانرکردنی ژیاننامەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لە خوارەوەدا و لە خشتەیەکدا، هەوڵدەدەین کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە بە پێی گرنگییان جیابکەینەوە و ئاماژە بە هەبوون یان نەبوونی مەرجەعی مێژوویان بکەین.

| کارەکتەرەکان | لە ناو ڕۆمانەکەدا | لە مێژوودا |
|---|---|---|
| تەیووری فاسق | لەبەر ئەوەی مەشروب خۆرە خەڵکی بایەزید نازناوی فاسقیان خستووەتە پاڵی. هاوڕێی خانی بووە. کاتێك خانی ناسیوە، خەریکی نووسینی مەم و زین بووە. | هەموو ئەم کارەکتەرانە کارەکتەری خەیاڵیین و لە واقیع و مێژووی کورددا نین و بەرچاو ناکەون. زادەی خەیاڵی نووسەرن، هەر یەکە و بەشێك لە حیکایەتەکەی پێ سپاردوون و بە هەموویانەوە قۆناغەکانی ژیانی خانی دەگێرنەوە و خوێنەر بە بیر و باوەڕ و هەڵوێستەکانی خانیی ئاشنا دەکەن. |
| ئۆمەری خەزنەدار | دوای ئەوەی پاشای والی وان هەردوو چاوی کوێر دەکات لە بەدلیس، ڕوو لە بایەزید دەکات، ئەوکات خانی پێنج ساڵان بووە و دەبێت بە مامۆستای خانی. | |
| شەنگێ | کچی حاجی زوهدییە و بە منداڵیی خانی وانەی پێ وتووە، دواتر دەبێت بە ئەویندارى خانی، بەڵام باوکی نایدات بە خانی. | |
| حاجی زوهدی بازرگان | باوکی شەنگێیە و بازرگانێکی دەوڵەمەند و چاوچنۆکە و ڕقیشی لە خانییە. | |
| بوهاری | شاعیری دەرباری میرە و ڕکابەری خانییە، هەرچەندە خانی هانیدەدات کە بە کوردی شیعر بنووسێت و بە هۆی خانییەوە ناوبانگ دەردەکات. | |
| مەلا فەرید | هەم هاوڕێی خانییە و هەم لە میریشەوە نزیکە، زۆر ڕێز لە خانی دەگرێت، دڵنیایە کە خانی زانا و شاعیرێکی گەورەیە بەڵام زۆریش نیگەرانە لە هەندێك قسەی خانی کە لە دێباچەی مەم و زیندا کردوویەتی سەبارەت بە ئیبلیس و میعراجنامەی پێغەمبەر. | |
| میرزا سەبری | پیاوی میرە و زۆریش ڕقی لە خانییە، بەردەوام ئاگری ناکۆکیی نێوان میر و خانی خۆشکردووە و هەر ئەمیش بە فەرمانی میر پلانی کوشتنی خانی دداڕێژێت. | |
| دۆستۆی ورمێیی دەنگبێژ | بەیتبێژە و هاوڕێی خانییە. بەردەوام بەیتی کوردی بۆ خانی دەخوێنێتەوە بە تایبەتییش بەیتی قەڵای دەمدم. | |
| ڕەجەبی بەرگدرو | ئەمیش هەر هاوڕێ و لایەنگری خانییە و بەرگدرووە لە بایەزید. | |
| خالیدی چۆلاق | هاوڕێ و لایەنگری خانییە، لە خانی بە تەمەنترە و لە لای مەلا ئەلیاسی باوکە خانی دەرسی خوێندووە. | |
| سۆفی حەیدەری | هاوڕێی خانییە و باسی ئەو دەرسی عیشق و ئەوینە دەکات کە لە نالییەوە فێری بووە. | |
| قەرسی | | |
| شێخ سەیفەدینی جبەشین | شێخێکی درۆزن و ساختەچی و نەخوێندەوار و فێڵبازە. ڕقی زۆری لە خانییە و بەردەوام لە دیوانی میردا هەوڵدەدات خانیی زیاتر لەبەر چاوی میر ڕەشبکات. | |
| فەلەی حەکیم | حەکیمێکی ئەرمەنییە و پیاوێکی ڕاستگۆ و دڵسۆزە. هەتا دواهەناسەی خانی هەوڵدەدات خانیی ڕزگاربکات لەو ژەهرەی کە پێیدراوە. | |
| مەلا ساڵحی جزیری | هاوڕێی دەورانی فەقێیەتی خانییە لە جزیرە، دوای ساڵانێکی زۆر ئەویش دێتە بازید و لەگەڵ خانییدا بە یەك دەگەنەوە. | |
| سەڵاحەدینی سەحاف | هاوڕێ و خۆشەویستی خانییە و کتێبەکانی خانی و نووسەرانی تر لە بایەزید دەنووسێتەوە و لە بەرگیان دەگرێت. | |
| سەلیمی ناڵبەند | بە هۆی پیشەکەیەوە لە میرەوە زۆر نزیکە، چونکە هەمیشە ناڵی ئەسپی میر ئەم دروستیدەکات. هیچ کێشەیەکیشی لەگەڵ خانیی نییە. دیار نییە کە خۆشیدەوێت یان ڕقی لێیەتی. چونکە هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەیە، تەنانەت لەبەر کارکردن و تەماح ناچێتە ناشتنی تەرمی خانییش. | |
| بەنگینی دەرگەوان | دەرگەوانی میرە و خانییشی زۆر خۆشدەوێ. نامەکەی خانی دەبات بۆ میر و دواتر بە فەرمانی میریش دەیداتەوە مەلا سمایلی بایەزیدی. | |
| شەمسۆی قەوواڵ | پیاوێکی یەزیدییە و هاوڕێی خانییە و زۆری خۆشدەوێ. | |
| مەلا سمایلی بایەزیدی | هاوڕێی نزیکی خانییە و چەند ساڵێك لە خانی بچوکترە. لەسەر داوای خانی ئەمیش هاوشێوەی فەرهەنگی نوبەهار، فەرهەنگی گوڵزار دادەنێ و پێکەوە لەگەڵ خانییدا بە فەقێکانی دەڵێنەوە. | |
| دەمامکدار | بکوژی خانییە، هەرچەندە کە خانی دەبینێت خۆشیدەوێت و دواتر سوپاسی خوا دەکات کە ڕۆنێکی ئاسایی کردۆتە ناو چراکەی خانییەوە، بەڵام ئاگای لەوە نییە کە خانی چەند لاپەڕەیەکی نیزامی گەنجەوی خوێندۆتەوە کە ئەم بە مەرەکەبی ژەهراوی نووسیویەتی. ڕقی لە خانی نییە. بەڵام لەبەر چارە بەلایەوە گرنگ نییە قوربانییەکەی کێیە و بۆ دەبێت بکوژرێت. هەر خۆیشی گۆڕی خانی هەڵدەکەنێت و تەرمی خانی دەنێژێت. | |
| خانی | مەلا، مامۆستا، ڕۆشنبیر، شاعیرێکی گەورەیە. خاوەنی شاکاری (مەم و زین ) و (نوبەهار) چەندین شیعری دڵدرایی ئاینیی و عیرفانییە. خاوەنی هەستی نەتەوەییە و هەتا مردنیش دژی گەندەڵیی و نا عەدالەتی میری بایەزید وەستاوەتەوە و سازشی نەکردووە. ئەویندارى شەنگێ بووە، بەڵام باوکی شەنگێ لە بەرانبەر پارەیەکی زۆر شەنگێ دەفرۆشێت و بە مێردی دەدات. هەر بۆیە هەتا مردن ئەوینی شەنگێ لەبیر ناکات و ژن ناهێنێت. تەواوی حیکایەتی ڕۆمانەکە کە لە لاپەڕە (١٧)ەوە دەستپێدەکات تاکو کۆتایی کە لاپەڕە (٢٨٥)یە، باسی ژیان و بیروباوەڕی ئەو دەکات. جگە لە لاپەڕە (٢٧٢ – ٢٧٨) کە قسەی میری بایەزیدە و بە هیچ | کەسێتییەکی مێژوویی واقیعییە، شاعیرێکی گەورەی کوردە کە لە (١٦٥١ – ١٧١٠ز) ژیاوە. ڕۆشنبیر و مونەویرێکی گەورەی سەردەمی خۆیەتی. ژنی نەهێناوە و هەتا مردنیش بە ڕەبەنیی ماوەتەوە. هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بەهێزی هەبووە کە لە شاکاری مەم و زیندا ڕەنگیداوەتەوە. لە پاڵ ئەم شاکارەدا، کتێبی (نوبەهارا بچووکان) و (عەقیدەنامە)ی |

| | | |
|---|---|---|
| | شێوەیەك باسی خانی ناکات، ئەمەش تەنیا لەبەر لووت بەرزییەکی رووکەشانەی خۆیەتی، ئەگەر نا هەر سووربوونی خانی لەسەر هەڵوێست و قسەکانی خۆی، لە ناخەوە میری وێرانکرد و وای لێکرد بڕیاری لەناوبردنی بدات. | هەن کە شیعری فێرکارین بۆ قوتابییەکانی نووسیوە. هەروەها دیوانێکیشی هەیە کە (٢٥) قەسیدە لەخۆدەگرن. (الدوسكي، ٢٠٠٥، ٢١ – ٣٥) |
| میر عبەدولفەتاحی میر عەبدی | کارەکتەرێکی تا رادەیەك سەرەکییە و ئەگەرچی زۆر کەم دەردەکەوێت و قسە دەکات. میرێکی ناشەرعییە و بە پارەیەکی زۆر فەرمانی میرایەتیی لە لایەن پاشای والی وان و ئەستانەوە بۆ دەرچووە. ئەمەش بووەتە هۆی تووڕەبوونی خانی و وەرگرتنی هەڵوێستی توند لە بەرانبەری. هەوڵی زۆر دەدات بە خۆشی و بە ناخۆشی کە خانی بێدەنگ بکات و وای لێبکات وەکو جاران هاتوچۆی دیوانی میربکات، بەڵام خانی رازی نابێت، هەر بۆیە لە ژێر کاریگەری میرزا سەبری و سەیفەدەنی جبەشین، بڕیاری لەناوبردنی خانی دەدات. بەشی پێش کۆتاییش تابەتە بە گێڕانەوەی ئەم. بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی خانی ناکات، بەڵکو وەکو میرێکی گەمژە و ساویکە کە هیچ دنیابیینەکی قوولی بۆ دنیا و فەرمانڕەوایەتییەکی عەقڵانیی نییە، تەنیا باس هاوسەرەکەی (شیرین) و بازەکەی (شیهاب) و ئەسپەکەی (شەهێن) دەکات. واتە هاوسەرەکەی و بازەکەی و ئەسپەکەی بۆ ئەم لە یەك ئاستن و هەموو دنیاش بەلای ئەمەوە بریتییە لەو سێ شتە (ل٢٧٢ – ٢٧٨). لە بەشی کۆتاییشدا کە بریتییە لە نامەکەی خانی بۆ میر، میر وەکو وەرگرێك دەردەکەوێت. (ل٢٨١ – ٢٨٥. | برای میر محەممەدی دووەمە. لە دوای کوشتنی میر محەمەد و میر سلێمانی باشکاتیبی لە لایەن نەیارەکانییەوە، خەڵکی بایەزید میرزا بەگی دووەمی کوڕیان هەڵبژارد بە میر، بەڵام دەستەڵاتی عوسمانی رازی نەبوو و لە رۆژی ٧ی شەووالی ١١١٨ك بەرانبەر بە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٧٠٦ز فەرمانی دانانی میر عەبدولفەتاحی میر عەبدی بە میری بایەزید، دەرکرد. میرێکی توند و بە زەبر و زەنگ بووە. هەر ئەمیش فەرمانی داوە کە تەرمی خانی لە گۆڕەپانی فێرگەکەی خۆیدا بنێژرێت. ساڵی ١١٢٣ك – ١٧١١ز لە ئەرزرۆم دەمرێت و لەوێش دەنێژرێت. (الدوسكي، ٢٠٠٥، ٤٥- ٤٦). |
| مەلا ئەلیاس | باوکی خانییە، خۆی وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی دەرناکەوێ کە رۆڵی هەبێت لە پەرەسەندنی رووداوەکان، تەنیا بە چەند ئاماژەیەکورت لەلایەن ئۆمەری خەزنەدار و خالیدی چۆلاق و سەڵاحەدینی سەححافەوە، باس لە مردنی و فەتواکانی و ناونان لە خانی کوڕی دەکەن. (ل٤٠، ١٤٦، ٢٠١) | مەلا ئەلیاسی کوڕی عەیاضی کوڕی رۆستەمی کوڕی شێخ عەبدولرەحمانی گەورەی کوڕی میر عەبدولرەزاقە. ساڵی ١٠٦٦ك – ١٦٥٦ز کۆچی دوایی کردووە. ساڵی ١٠٣٦ك بووە بە مامۆستا لە قوتابخانەی سینانیی لە بایەزید. ساڵی ١٠٥٤ك بووە بە نووسەر لە دیوانی میری بایەزیددا. |
| مەلا قاسم | برا گەورەی خانییە، ئەمیش کارەکتەرێکی زۆر لاوەکییە و هیچ رۆڵێکی نییە لە پێشخستنی رووداوەکان، تەنیا لە لایەن ئۆمەری خەزنەدارەوە ناوی دێت، کاتێك مەلا ئەلیاسی باوکیان دەمرێت، مەلا قاسم ئۆمەری خەزنەدار رادەسپێرێت کە قورئان بە خانی لەبەر بکات. (ل٤٠) | برا گەورەی خانییە. هەر ئەم برایەشی هەبووە. پیاوێکی خواناس و هەقبێژبووە. کچی میر محەمەد دەخوازێت و دەبێت بە نووسەر لە دیوارنی میردا، زۆرجار لە کارەکانی میر محەمەدی خەززری رازی نەبووە و رەخنەی لێگرتووە، میر لێی بێزار دەبێت و لە پۆستەکەی دەریدەکات. لەبەر ئەوە تووڕە دەبێت و ماڵی دەگوازێتەوە بۆ قەڵای (دۆزە سۆر)، لەوێ لە لایەنی شێخ عەبدولرەحمانی باپیرە گەورەیەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت و هەتا مردنی لە ساڵی ١٠٩٣ك دەمێنێتەوە الدوسكي، ٢٠٠٥، ١٩ - ٢٠) |
| پەری | خوشکی گەورەی خانییە، کارەکتەرێکی لاوەکییە، تەنیا لە بەشی یەکەمدا کە تایبەتە بە ناشتنی تەرمی خانی، لەو رۆژەدا کە لە ماڵە کۆنەکەی مەلا قاسمی برایانەوە دەنگی شین و واوەیلا بەرزدەبێتەوە بۆ مردنی خانی، ئەو کات پەری دەستدەکات بە لاوانەوە و شیوەن بۆ خانی برا بچووکی دەکات. ئیتر بە هیچ شێوەیەکی تر ناوی نایەت. (ل١٩ - ٢١). | خوشکی گەورەی خانییە. تەنیا لە بلگە نامەیەکی تایبەت بە دابەشکردنی میراتەوە کە لە قەسام شەرعی ئێستا دەچێت، ناوی هاوسەر و منداڵەکانی مەلا ئەلیاس نووسراوە، پەری کچی گەورەیەتی و دووەم منداڵی مەلا ئەلیاسە و لە خانی گەورەترە دوای خانیش ناوی دوو خوشکی تری دێن بە ناوەکانی (گوڵیزار و کەتان) (الدوسكي، ٢٠٠٥، ١٨ - ١٩) |
| میر محەمەدی دووەمی کوڕی میر عەبدی | تەنیا ناوی دێت و ئاماژە بە کوشتنی دەکرێت لەگەڵ میر سلێمان کە نووسەری دیوانی میرایەتیی. کوژرانی ئەمان سەرچاوەی ناکۆکیی نێوان خانیی و میر عەبولفەتاحە، چەنکە بە قسەی خانیی لە بری ئەوەی تۆڵەیان بکاتەوە و میرزا بەگی کوڕی بکات بە میر، خۆی بە پارە میرایەتی کڕیوە و بە ناشەرعیی بووە بە میر (ل٢٨١)، بەڵام لە رۆمانەکەدا وا دەردەکەوێ کە خانی ئاگای لەوە نییە کە میر محەمەد و سلێمانی باشکاتیبی هەر بە دەستی کابرای دەمامکدار و بە پلانی میرزا سەبری کوژراون، تاوانێکی ئاواش هەردەبێ دەستی میر عەبدولفەتاح خۆی تێدابێت (ل٢٦٤). | برای میر عەبدولفەتاحە. لە ١١ی شەعبانی ١١١٥ك بەرانبەر بە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٧٠٣ز دەبێت بە میری بایەزید. لە دوای دوو ساڵ کێشە دەکەوێتە نێوان میرەکانی بایەزید و نەیارەکانی بەهێز دەبن و لە سەرەتای مانگی رەمەزانی ساڵی ١١١٧ك هێرش دەکەنە سەری و لەگەڵ میر سلێمان کە نووسەری دیوانی بووە، دەیانکوژن (الدوسكي، ٢٠٠٥، ٤٥). پێشتر خانی نووسەری دیوانی میر محەمەد بووە، بەڵام دیارە بەر لە کوشتنی میردا وازی هێناوە و لە فێرگەکەی خۆیدا دەرسی وتووەتەوە و وتاری هەینی خوێندووەتەوە. |

وەك لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە زۆربەی کارەکتەرەکانی میرنامە، کارەکتەری خەیاڵین و لە واقیعدا نین، جگە لە خانی و میر و چەند کەسێکی تر کە کەسانێکی واقیعیین، ئەوانی دیکەی هەموو لە خەیاڵی خۆیدا دروستکردوون و هەر یەکەشیان ئەرکی گێڕانەوەی بەشێکی حیکایەتەکەی پێ بەخشیون. بەم شێوەیە کردوونی بە کارەکتەری پەرەسێن و رۆڵی گرنگیان لە پێشخستن پەرەسەندنی رووداوەکاندا بینیوە. حیکایەتی هیچیان لە حیکایەتی ئەوانی دیکە کەمتر و بێ بایەختر نین و زیاتریش نین، بەڵکو هەموویان پێکەوە

خشتی بنیاتانی حیکایەتە سەرەکییەکەن کە ژیان و بیروباوەڕ و هەلوێستەکانی شێخ ئەحمەدی خانییە.

## 3. ئەنجامەکان

- ئەگەرچی ڕۆمانەکە باس لە ژیانی ئەحمەدی خانی دەکات و تارادەیەك وەکو ڕۆمانێکی مێژوویی دەردەکەوێت، بەڵام نووسەر لە ڕێی دانەپاڵ (اسقاط)ەوە زیاتر تیشك دەخاتە سەر واقیعی تاڵی ئەمڕۆی بارودۆخی گەلی کورد و ڕەخنەی توندیان لێدەگرێت و هەموو ئەو نەهامەتییانەی ئەمڕۆ بەسەرماندا هاتووە و دێت، دەخاتە ئەستۆی نەزانینی میللەت و نابەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوایان و دەستەڵاتداران. واتە، نووسەر پێیاندەڵێت مێژوو بە ناشرینترین و خراپترین شێوە خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئەگەر ئەم دۆخە بەم شێوەیە بەردەوامبێت، چەندین جاری تریش دووبارە دەبێتەوە.
- نووسەر لەم ڕۆمانەدا نە بە تەواوی پابەندی بنەماکانی نووسینی ڕۆمان بووە، نە پابەندی بنەماکانی ژیاننامەی بابەتییش بووە، بەڵکو زۆر لێهاتووانە، هەردوو ژانرەکەی لە خزمەتی یەکتردا بەکارهێناوە. لە ژیاننامەدا ڕووداو و کارەکتەری واقیعی وەرگرتووە و لە ڕۆمانیشدا سوودی لە فەزای خەیاڵی وەرگرتووە و بە لە بۆتەیەکی هونەرییدا دایڕشتووەتەوە و گیانی ڕۆمانێکی هونەریی پێبەخشیوە.
- ئەمەیشی هەر لە پەیمانی ڕۆماندا ساغکردووەتەوە و ناوی (ڕۆمان)ی لەسەر بەرگی کتێبەکەدا نووسیوە.
- وەکو مەرجەعی مێژوویی، نووسەر سوودی لە دیوانی ئەحمەدی خانی و شاکاری مەم و زین وەرگرتووە. بەڵام زیاتر پشتی بە مەم و زین بەستووە.

## 4. سەرچاوەکان

### 1.4 بە زمانی کوردی


1. ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی.
2. خانی، ئەحمەدی، ٢٠٠٥، بەرهەمەکان، بەرهەمڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.
3. دۆست، جان، ٢٠١٤، میرنامە، وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چ ٢، سلێمانی.
4. قەرەنی، نیعمە، ٢٠١٢، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا (مەسعود محەمەد – پاکیزە ڕەفیق حیلمی) وەك نموونە، یەکێتی نووسەرانی کورد - مەڵبەندی گشتی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.


### 2.4 بە زمانی عەرەبی


1. أحمد، عبدالقوي، 2012، السيرة و التخييل في رواية أنثى السراب لـ (واسيني الاعرج)، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات و الفنون، جامعة السانية، وهران.
2. أدهم، علي، ١٩٧٩، على هامش الادب و النقد، دار المعارف، ط1، القاهرة.
3. بن ستيتي، سعدية، 2018، تجليات السيرة الغيرية في رواية "العلامة" لـ "بنسالم حميش"، http://dspace.univ-msila.dz:8080//xmlui/handle/123456789/9606
4. التميمي، أمل، 2005، السيرة الذاتية النسائية في الادب العربي المعاصر، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ط1، المغرب.
5. جبور، عبدالنور، 1984، المعجم الادبي، دار العلم للملايين، ط2، لبنان.
6. الدوسكي، تحسين ابراهيم، 2005، جواهر المعاني في شرح ديوان احمد الخاني، دار سبيريز للطباعة و النشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل.
7. رحيم، سعد محمد، 2017، ميثاق الرواية: مقال في القيم الاساسية للكتابة الروائية، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=582854&r=0
8. سوالمية، حفيظة، 2015، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب و العلوم الانسانية، جامعة الحاج خضر، باتنة.
9. سويسي، نجاة، 2011، رواية السيرة الذاتية في (مزاج مراهقة) لـ (فضيلة فاروق)، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة منتوري قسنطينة.
10. شرف، د. عبدالعزيز، 1992، أدب السيرة الذاتية، الشركة المصرية العامة، ط1، لونجمان، مصر.
11. عبدالمجيد ، أيمن أحمد عبدالمجيد، 2004، فن السيرة الغيرية من الحكي الى الخطاب السردي – دراسة موازنة بين محمد بن اسحاق و محمد حسين هيكل، رسالة ماجستير، كلية دار العلوم، جامعة المنيا.
12. علوش، سعد، 2019، معجم مصطلحات النقد الادبي المعاصر (فرنسي – عربي)، دار الكتاب الجديد المتحدة، ط1، بنغازي – ليبيا.
13. العيد، (د) يمنى، 2010، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، ط3، بيروت.
14. القاضي و آخرون، محمد، 2010، معجم السرديات، الرابطة الدولية للناشرين المستقلين، ط1، تونس – لبنان.
15. لوجون، فيليب، 1994، السيرة الذاتية – الميثاق و التاريخ الادبي، ترجمة و تقديم: عمر حلي، المركز الثقافي العربي، ط1، بيروت.
16. معلوف، أمين، 1986، المنجد في اللغة و الاعلام، بيروت.


## 5. پرواز

1. [1] عبدالعزيز شرف لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیوتی (الحيوات المتقابلة)، بەڵام ئاشکرایە کە ( Parallel Lives) دەبێت بە (الحيوات المتوازية – ژیانە هاوتەرییەکان).
2. لە چاپی کوردی کرمانجییەکە هەروەکو دیوانەکە هاتووە، بەڵام سەباح ئیسماعیل لە وەرگێڕاندا دێڕەکەشی تا ڕادەیەك وەرگێڕاوە یان دەستکاریکردووە. بە بڕوای ئێمە دەبوایە لە وەرگێڕانەکەشدا دێڕەکەی خەر وەك خۆی دابنرایەوە.